# بەشی یەکەم
## ناساندنی شاری قەڵادزێ

## باسی یەکەم

## ناساندنی شاری قەڵادزێ

### أ- گرنگی شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ:

(شوێن)[١]: بەیەکێك لەڕەگەزە گرنگەکانی جوگرافیا دەژمێردرێت، بەتایبەتی لەبواری جوگرافیای شاردا وە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەدیاریکردنی ڕۆڵی شارو ئەو ئاستەی کە دەیەوێت لە ئایندەدا پێی بگات، [٢] لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرنگە بڕیار لە گەشەکردن و پێشکەوتن و شێوازی درێژبوونەوە و ئاڕاستەی فراوانبوونی شار دەدات[٣].

شاری (قەڵادزێ)[٤] دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان (نەخشەی ژمارە(١)) وە سەنتەری قەزای پشدەرە و دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای قەزای پشدەر لەپارێزگای سلێمانی (نەخشەی ژمارە(٢)).

---

[١] (**شوێن**): (Location) *مەبەست لێی دەست نیشانکردنی سەنتەری شارو پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر یان ئەو هەرێمانەی کە دەوریان داوە دەگرێتەوە، جیاوازە لە پێگە (الموضع (site) (ئەو پانتاییە زەویە دەگرێتەوە کە شارەکەی لەسەر بنیات نراوە. بڕوانە : عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٧٧، ص٣٦.

[٢] عادل مکی عطية،التحليل الجغرافي للوظيفةالسكنية مدينةالناصرية(١٨٦٩-٢٠٠٥)،اطروحة دكتوراه،كلية الاداب،جامعة البصرة،٢٠٠٦، ص١١ .

[٣] خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسات ديموغرافية - اقتصادية، مديرية مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٣، ص١٠٧.

[٤] قەڵادزێ)** سەبارەت بە ناوی قەڵادزێ بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، لەوانە (شاکر فەتاح) ئاماژە بەوە دەکات ناوی قەڵادزێ بریتی یە لــە (قەڵادووزێ) واتە قەڵای نێوان دووزێ یان دوو ڕووبار کە ڕەنگە مەبەست لێی هەردووك زێی گەورەو بچووك بووبێت . ئەوەی لەنێوان دانیشتوانی ناوچەکە زۆر بڵاوەو بەکاردەهێنرێ ئەوەیە ناوی قەڵادزێ لەو قەڵا کۆنەوە هاتووە کە دەکەوێتە ناو شارەکە و هەر لە کۆنەوە ژیانی تێدابووە و لە پشتی ئەم قەڵاتەش دوو زێ یەکیان گرتووە لەبەرئەوە دانیشتوانی ناوچەکە پێیان وایە قەڵادزێ لە (قەڵادوزێ) وە هاتووە . هەندێکی تر دەڵێن ئەم ناوە لە هەردوو وشەی (قەڵا) و (دژ) وە هاتووە، بێگومان یەکەمیان هەر بەمانای (قەڵا) دێ و هەرچی وشەی

**لەرووی پێگەی فەلەکیەوە شاری قەڵادزێ دەکەوێتە نێوان هەردووك بازنەی پانی (١٨َ ،١٢ً، ٣٦°–٣٧َ ، ١٠ً ،٣٦° ) باکوور و هێڵی درێژی (٣٠َ،٩َ ، ٤٥° - ٧َ ، ٦ً ،٤٥°) خۆرهەڵات°.**

**ئەگەرئاماژەیەك بەسنووری جوگرافی ئەم شارەبکەین دەبینین لە باکوریەوە زنجیرە چیای قەندیلە بەرزیەکەی (٣٤٥٠)م، لەباشوریەوە زنجیرە چیای ئاسۆسە کەبەرزیەکەی (١٨٠٠)م لەگەڵ زێی بچووك، لەرۆژهەڵاتیەوە دۆڵی ئالاوەو هەریەك لەشاخەکانی بلفەت (٢٣٧٩)م دوپەزە (٢٣١٤)م مامەندە (٢١٠٣)م و هەرمێن (٢٤٠٨)م، لە رۆژئاواشەوە دۆڵی ژاراوە و شروێت و زێی بچووك و چیای کێوەرەشە، کە بەرزیەکەی (١٥٢٣) [٦].**

**سەبارەت بەو یەکە کارگێڕیانەی کەدەوری شاری قەڵادزێیان داوە بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە بەچەند یەکەیەکی کارگێری دەورەدراوە، لەبەرئەوەی ئەم شارە لەناوچەیەکی سنووری دا هەڵکەوتووە بۆیە دووری ئەم شارە بەهۆی ئەو ڕێگایانەی کە قەڵادزێ بەسنووری وولاتی ئێرانەوە دەبەستێتەوە(٥،٢٨)کم[٧]. سەبارەت بە ڕووبەری شاری قەڵادزێ بەپێی دوایین نەخشەی بنەڕەتی ساڵی (٢٠٠٩) ڕووبەرەکەی (٤،١٦)کم٢[٨]، کە لە(٩،٦٥%) لەکۆی ڕووبەری سەنتەرە شارنشینیەکانی قەزای پشدەر پێك دەهێنێ.[٩]**

---

(دژ)یشە لە وشەی (دژ)ی فارسیەوە هاتووە کە هەر بەمانای (قەڵا) دێت. واتا: ناوەکە بەیەکەوە دەبێتە (قەڵای قەڵایان) یان قەڵای بەرگری. بڕوانە:

-1جمال بابان، أصول أسماء المدن والمواقع العراقيه، الجزء الاول، ١٩٨٧، ص ٢٣٧ .

-2جمال بابان، نظرة الى عشيرەميراودلى(بشدر- الميراودلين) وباجلان، مجله المجمع العلمى العراقى، هيئەاللغەالكرديه، بغداد ،٢٠٠٢، ص٢٢٥.

[٥] بەهۆی بەرنامەی(google Earth) و نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ لە ساڵی (٢٠١٢) شوێنی فەلەکی شاری قەڵادزێ دیاری کراوە.

[٦] وزارة الدفاع، خارطة القوات المسلحة العراقية العسكرية ، قلعةدزة ، بقياس(١:١٠٠،٠٠٠) سنة، ٢٠٠٠.

[٧] وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕانیە، بەشی تەکنیکی.

[٨] وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ ، ساڵی ٢٠٠٩، بەپێوەری (١:٤٠٠٠).

[٩] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری ،بەشی.Gis

بەرزی شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ لەئاستی ڕووی دەریاوە(٦٤٣)م [١٠]، لەڕووی دابەشبوونی لایەنەکانی تۆبۆگرافیەوە دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی پێچ خواردووی ئالۆزەوە، [١١] کە شێوەی ئاوزێڵێکی داخراوی وەرگرتوو، هەروەها ئەم شارە لەسەر دەشتێکی بەپیتی کشتوکاڵی ناوچەی شاخاوی هەڵکەوتووە کە لە شێوەی سێگۆشەیەکی هەڵگەڕاوەدایە و بنکەکەی دەڕوانێت بەسەر دۆڵی ژاراوەدا ، بەشی سەرەوەی بەرەو باشوورە لە گوندی دەشتێو ،هەرچی بەشی ڕۆژهەڵاتیشە دەکرێت دیاری بکرێت لەگەڵ بەرزایەکانی قولی زان وکوژاو شاخە ڕەش و نوبە، ڕۆژئاوای ئەم دەشتە لێژ دەبێتەوە لەگەڵ لێژبونەوەی زنجیرەشاخی ئاسۆس،تێکڕای ڕووبەری ئەم دەشتە(١٩٥)کم٢ [١٢] کە (٢٠) کم درێژ دەبێتەوە [(٧)].

بێگومان جیاوازی لەڕووی بەرز و نزمی و بوونی دەشتی پان و بەرین کە شارەکەی لەسەر بنیات نراوە لەگەڵ دەورەدانی بەچەندین زنجیرە شاخی سەخت و بەرز کاریگەری کردۆتە سەر ئاووهەوای شارەکە، بەجۆرێك ئاووهەوای شاری قەڵادزێ لەجۆری ئاووهەوای نیمچەخولگەیی کیشوەریە، بارانەکەی دەکەوێتە ژێر سیستەمی دەریای ناوەڕاست ،کەزستانی ساردو باراناویەو هاوینی مام ناوەندە، بەڵام لە زستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەفرێکی زۆر لە لوتکەی چیاکان دەبارێت[١٣].

شوێنی ئەم شارە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو، کە خۆی لە هەرسێ جۆری باران و ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دا دەبینێتەوە، لە ڕووی باران بارینەوە دەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەر و تێکڕای باران بارینی ساڵانەی زیاترە

---

[١٠] بە بەکارهێنانی ئامێری Gps دیاری کراوە لەجۆری Garmin rino 120

[١١] خەبات عەبدوڵلا، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ، ٢٠٠٥، لا ١٤٢-١٤٣.

[١٢] فؤادحمە خورشید، قضاء بشدر دراسة في الجغرافية البشرية، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد ، بغداد ، ١٩٧٣ ،ص١٧-ص٢٢.

[(٧)] جاسم محمد الخلف، محاضرات في الجغرافية الطبيعية و الأقتصادية والبشرية، ، ١٩٦١، القاهرة، ص٧٩.

[١٣] عباس فاضل السعدى، منطقة الزاب الصغير في العراق، مطبعة اسعد، بغداد ، ١٩٧٦، ص٦٢-٨٠.

له(٥٠٠ ) ملم و بارانی ناوچەكە لە جۆری بارانی (بەرزو نزمە باران و بۆرانە بارانە)[١٤]. سەبارەت بەئاوی سەر زەوی ناوچەی لێكۆڵینەوە دەوڵەمەندە بەئاوی سەر زەوی بەهۆی تێپەڕبوونی زێی بچووك بەشاری قەڵادزێ[١٥]

وە چۆمی هەڵشۆ (ئالاوە) بەناوەڕاست و چۆمی چۆم خركە بەرۆژئاوای شارەكەدا كە هەردووكیان لەباشووری شارەكە یەك دەگرن و پێیان دەگوترێت چۆمی قەڵادزێ . لەڕووی ئاوی ژێر زەوییەوە بەهۆی بوونی باران و بەفرێكی زۆر لەناوچەكەدا كاریگەری كردۆتە سەر دەوڵەمەندی ئاوی ژێرزەوی، بەجۆرێك لەناو شاری قەڵادزێ (٢٠)كانی و كارێز هەیە كە توانای پێدانی (٢٠٩)لیتر ئاویان هەیە لەچركەیەكدا ، لەگەڵ بوونی (١٢) بیر كە توانای پێدانی زیاترلە (٦٢)لیتر ئاویان هەیە لە چركەیەكدا [١٦].

ناوچەی لێكۆڵینەوە لەڕووی پێكهاتەی جیۆلۆجی پێكهاتووە لە نیشتوەكانی هەردووك چاخی پلایستۆسین و هۆلۆسین كە لە ئەنجامی گواستنەوەی نیشتوەكانی لە بەرزاییەكانەوە بەرەو ناوچە دەشت و دۆڵەكان دروستبوون وە پێكهاتوون لە قوڕو لووم (loam) سڵت و لم و كۆنگلۆمیرات[١٧]، هەروەها چەندین كانزای جۆراو جۆری وەك قوڕقوشم و یۆرانیۆم و نیكڵ و ئاسن.... هتد هتد لەخۆ گرتووە.[١٨] خاوەن جۆرێكە لە جۆرە باشەكانی خاك كە ناسراوە بە

---

[١٤] سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندیەكانی باران بارین لەهەرێمی كوردستانی عێراقدا، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا١٥٨-١٥٩.

[١٥] سناء عبد الباقی بكر،مصادرالثروة الطبيعية فی حوض دوكان وسبل صيانتها، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٣ ص١١٨.

[١٦] علی حسن علی، ئاوی ژێر زەوی لە قەزای پشدەردا (لێكۆڵینەوەیەكی هایدرۆلۆجیە)، نامەی ماستەر، كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١١.

[17] Diary Ali Mohammad Ameen Al – Manmi،(2008) water Resources management in Rania area، Sulaimania NE – Iraq ، ph . D thesis، un published college of science، university of Baghdad، p.31.

[١٨] دارا عومەر، ئاسۆی ئابوری سەرچاوەكانی ئاوو كانزاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا١١، لا٢٧-٢٩.

خاکی کەستەنائی[19]، بێگومان بوونی هەموو ئەم خەسڵەتە سروشتیانەی کەباسمان کردن گرنگی شوێنی جوگرافی ئەم شارەمان بۆدەسەلمێنن.

شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ گرنگی وبایەخێکی زۆری هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی شارەکە لەنێوان دووژینگەی لەیەکتری جیاوازی وەك شاخ ودەشتایەکان وبەستنەوەی هەردووك ناوچەکە بەیەکەوە،وەنزیکی شوێنەکەی لە سنووری عێراق – ئێران، ئەمە جگە لەوەی کە ناوچەکە وەك ڕێڕەوێك و دەرگایەك وایە بەرەو ناوچە شاخاویە سەختەکان و وولاتی ئێران، بێگومان هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر چالاکیە ئابووریەکانی ناوچەکە بەشێوەیەك کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردن و چالاك بوونی جموجوڵە بازرگانیەکان و ئالوگۆڕکردنی کەل و پەل و کالاّ جۆراو جۆرەکانی نێوان ئەم دوو ناوچەیە. لەهەمان کاتدا گرنگی شوێنی جوگرافی ئەم شارە لەوەدا دەردەکەوێت کە بازاڕێکە بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمی ناوچە شاخاویەکان وەك گوێز و میوەو بادەم و زەیتون و بەرهەمی ناوچە دەشتاییەکان وەك گەنم و جۆو نیسك و نۆك، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شارەکە ناوەندێکە بۆ ئالوگۆڕکردنی بەرهەمی نێوان هەردووك وولاتی عێراق و ئێران.[20]

شـاری قەڵادزێ لەڕووی تۆڕەکانی ڕێـگاوبانەوە بەهۆی کۆمـەڵێك ڕێگای ناوخۆیی ودەرەکیەوە بەناوچە وبەشە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبەسترێتەوە،بەجۆرێك لەناوخۆی قەزاکەدا بەستراوەتەوە بەچەندین شارو شارۆچکەی دەوروبەری وەك (هێرۆ- هەڵشۆ- سەنگەسەر- ژاراوە- ئیسیێوە) لە دەرەوەی سنووری قەزاکەش بەهەریەك لە قەزاکانی ( ڕانیە و دوکان و کۆیە و چۆمان و دەشتی مەرگە و هەریەك لە پارێزگای سلێمانی و

[19] لەیلا محەمەد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٩، هەولێر، لا ٩٤

[20] شاکر خصباك، العراق الشمالی، دراسة لنواحیه الطبیعیة و البشریة، مطبعه شفیق، بغداد، ١٩٧٣، ص٣١٠-٣١١.

هەولێر) بەستراوەتەوە[21]. هەروەها بەستنەوەی بە وولاّتی ئێرانەوە بە هۆی شوێنە سنووریەکەی و تێپەڕبوونی ڕێگای نێودەولّەتی بەو شارەدا[22]، بێگومان بەستنەوەی ئەم شارە بەهۆی ئەم تۆڕە فراوانەی ڕێگاو بان لەگەلّ بەشە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەولّەمەندی ناوچەکە لەڕووی ئابووریەوە بۆتەهۆی گەشەکردنی پەیوەندیەکان وئالّوگۆڕکردنی بازرگانی و ئابووری لەگەلّ ناوچە جیاوازەکاندا، کە ئەمانەش لەڕوانگەی جوگرافیەوە گرنگی و بایەخی شوێنی جوگرافی شارەکەمان بۆدەردەخەن.

## ب: ڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی شوێنی شاری قەلاّدزێ:

ئەگەر لەڕوانگەی جیۆپۆلەتیکیەوە تیشك بخەینە سەرگرنگی شوێنی جوگرافی ئەم شارە، ئەبینین هەر لەکۆنەوە تائێستا بایەخێکی ستراتیجی و ڕەهەندێکی جیۆپۆلەتیکی گرنگی هەبووە.

سەبارەت بەگرنگیە ستراتیجیەکەی لەکۆندا دەبینین بەهۆی هەلّکەوتەی شارەکە لەناوچەیەکی شاخاوی سەخت و وسنووری دا،هەروەها بوونی قەلاّیەك کەدەکەوێتە ڕۆژئاواو دەروازەی شاری قەلاّدزێ بەڕووبەری( ١٠٦٨٨م٢ )، بەشی باکووری ئەم قەلاّیە دەڕوانێت بەسەر دۆلّێکی بەرزو قولّ دا کەئاوی چۆم خڕکەی پێدا دەڕوات بەرزی ئەم دۆلّە لە بنکەکەیەوە تاکۆتایی(٧٥)م، وەبەشی باشووری قەلاّکە دەڕوانێت بەسەر چۆمی قەلاّدزێ دا، هەروەها بوونی گردێکی بەرز بەرامبەری قەلاّکە بەناوی گردی (حوسنی)، هەلّکەوتەی قەلاّکە بەم شێوەیەو وەلەدەروازەی شاردا بۆتە هۆی ئەوەی کە بڕوانێت بەسەر سەنتەری شارو تەواوی شارەکەدا، هەربۆیە دەست گرتن بەسەر ئەو قەلاّیەدا مانی دەست گرتن بووە بەسەر تەواوی شارەکە وناوچەکانی دەوروبەری دا. لەهەمان کاتدا

[21] شادی حمید محەمەد، ڕێگاکانی ئوتۆمبیل لەپارێزگای سلێمانی، لێکۆلّینەوەیەك لەجوگرافیای گواستنەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١، لا٣٢ -٣٤، لا ٢٠٦.

[22] ابراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق و أثره في تاريخه العام حتى الفتح الاسلامى، الجزء الاول، مطبعة شفيق، بغداد ، بدون سنة الطبع، ص١١٠- ١١١.

هەرچواردەورەی ئەم قەلاتە قولله وبنكەی سەربازی بووە كە بە مەبەستی بەرگری و وسەربازی و بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمنان بەكارهێنراوە.[٢٣]

قەلاتی قەلادزێ پاشماوەی سەردەمی ئاشووریەكان و پێش ئەوان بووە، ئەمەش ئاماژەیەكە بۆ كۆنی ناوچەكە ونیشتەجێ بوونی مرۆڤایەتی و ژیان لە شارەكەدا. بێگومان بوونی قەلاكە هێمایەك بووە بۆ ئەوەی كە شوێنی ئەم شارە لەكۆندا بایەخێكی سەربازی هەبووە، چونكە بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی ڕێڕەوی دەربەندی ڕانیە بەكارهێنراوە، ئەو ڕێڕەوەی كە ڕێگایەكی سروشتی و مێژووی بووە بۆ تێپەڕبوونی ئەم زنجیرە هێرشانەی كە لە وولاتی نێوان دوو زێ وە كراونەتە سەر كوردستان، وەك هێرش وپەلامارەكانی سەرجۆنی هەشتەم لەسالی (٧١٤) پ.ز بەگەرووی دەربەندی ڕانیەو شاری قەلادزێ دا بەرەو ئازربایجان ولەوێشەوە بۆ(منای) كۆن لەئازربایجان تێپەڕبوون ، هەروەها شوێنی قەلادزێ و قەلاكەی بۆ جارێكی تر وەك بنكەیەكی ستراتیجی و بەرگری و سەربازی لەلایەن دەسەلاتی عوسمانیەكانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشەكانی وولاتی فارس وئینگلیزو و كۆنترۆلكردنی عەشیرەتی میراودەلی و دەربەندی ڕانیە بەكارهێنراوە، لەڕاستیدا گرنگی ستراتیجی و سەربازی و ئابووری شوێنی جوگرافی ئەم شارە بوو كەلەسەردەمی عوسمانیەكاندا بوو بەهۆی گواستنەوەی سەنتەری كارگێڕی قەزای پشدەر لەمەرگەوە بۆ شاری قەلادزێ[٢٤].

هەر بۆیە شاری قەلادزێ بەگوێرەی پۆلێن كردنەكەی (ئوروسو) بەشارێكی سەربازی و بەرگری دەناسرێت ،جیاواز لە زۆربەی شارەكانی تری پارێزگای سلێمانی[٢٥].

لەئێستاش دا شوێنی قەلادزێ گرنگیی جیۆپۆلەتیكی خۆی هەیە، ئەمەش لە دوو لایەنەوە دەردەكەوێت، لەلایەك بەهۆی هەلكەوتەی شوێنە جوگرافیەكەی لەناوجەرگەی دلی دەشتێكی بەپیتی كشتوكالی شاخاویدا وەك (دەشتی پشدەر)و

---

[٢٣] مۆفەق میراودەلی، پشدەر لە هەگبەی مێژوودا، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٥-٢٦.

[٢٤] فؤاد حمة خورشید، قضاء بشدر، دراسة في الجغرافية البشرية، المصدر السابق، ص٢٤٨-٢٥١.

[٢٥] شاكر خصباك، الاكراد، دراسة جغرافية أثنوغرافية، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢٢٥-٢٢٦.

تێپەڕبوونی زێی بچووك بەباشووری شارەكەدا. هەروەها بوونی چەند شاخێكی سەخت ودژواری وەك قەندیل وئاسۆس وبلفەت ومامەندە، كەچەندین دۆڵی قوڵ وتەنگەبەر تیایدا بەیەك دەگەن ویەكتری دەبڕن[٢٦]، لەلایەكی تریشەوە نزیكی شوێنی جوگرافی ئەم شارە لەسنووری ئێرانەوە بەدووری لە ٥،٢٨كم وە تێپەڕبوونی ڕێگای نێودەوڵەتی بەشاری قەڵادزێ دا كە هەرێم بەووڵاتی ئێرانەوە دەبەستێتەو ئەمەش یارمەتی داوە بەهۆی ئەو ڕێگا نێودەوڵەتیەی كە بەشاری قەڵادزێ دا تێی دەپەڕێت بتوانێت بەشێك لە پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەكان لەنێوان هەرێم ووڵاتی ئێران ئەنجام بدات. هەرلەم ڕێگەیەشەوە ووڵاتی ئێران توانیویەتی پەیوەندیەكانی و كالاكانی خۆی بگەیەنێتە شاری قەڵادزێ و زۆربەی شارەكانی هەرێم و وەبە پێچەوانەوە[٢٧].

لەهەمان كاتدا لەسەرئاستی ناوخۆیش توانراوە بەهۆی چەند ڕێگایەكەوە بەزۆربەی شارو شارۆچكەكانی هەرێم وقەزای پشدەرەوە ببەسترێتەوە ئەمەش گرنگی زیاتری پێ بەخشیوە، چونكە بەستنەوەی شاری قەڵادزێ بەهۆی تۆڕەكانی ڕێگاوبان لەسەر ئاستی ناوخۆیش یارمەتیی داوە كەبتوانێت جۆرێك لە پەیوەندی و ئاڵوگۆركردنی ئابووری وبازرگانی و دیمۆگرافی لەنێوان شاری قەڵادزێ و هەریەك لەشارە نزیكەكانی وەك قەزای پشدەر و ڕانیەو شارەكانی تری هەرێم دروست بكات. بێگومان ئەم پەیوەندیە بەرفراوانەی كەناوچەی لێكۆڵینەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ودەرەكی بەهۆی شوێنە جوگرافیەكەیەوە بۆی دروست بووە، بۆتە هۆی ئەوەی كە ڕەهەندێكی بازرگانی و لەهەمان كاتدا جیۆپۆلەتیكی بە شارەكە ببەخشێت.

شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ گرنگیەكی ئابووری وبازرگانی هەیە ،چونكە چەقی كۆبوونەوەو ئاڵوگۆركردنی كەل وپەلەكانی دەشتی مەرگە وبیتوێن وپشدەرو ناوچە شاخاویەكان بووە،ئەمە جگەلەوەی كە هاوشێوەی ناوچە سنووریەكانی تری هەرێم دەروازەیەك وئەڵقەیەكی پەیوەندی كردنی بازرگانی

[٢٦] فؤاد حمة خورشيد، قضاء بشدر، دراسة في الجغرافية البشرية، المصدر السابق ، ص١٢، ص ٢٤٨.

[٢٧] ابراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق و أثره في تاريخه العام حتى الفتح الاسلامى، المصدر السابق، ص١١٠- ١١١.

وسیاسی و تێکەڵاوبوونی دیمۆگرافی بووە لەنێوان وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق و وڵاتی ئێران، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە لەم ڕێگەیەوە شاری قەڵادزێ بتوانێت بەشێك لەکاریگەریە ئابووری وبازرگانی ودیمۆگرافی وسیاسیەکانی خۆی وهەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئێران وولاتانی دەرەوە.هەموو ئەمانەش لەئێستادا پاڵنەرو هۆکار بوون بۆ گەشەکردن و جوڵانەوەی هاتووچۆو بازرگانی و پێشکەوتنی کشتوکاڵ و گەشتیاری و بەکارهێنانی زەوی و ئاوەدانی و پەرەپێدان لەناوچەکەدا، لەڕاستیدا ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کەشوێنی جوگرافی ئەم شارە لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکیەوە گرنگی وبایەخی خۆی هەبێت[٢٨].

ئـەوەی بۆتە هـۆی ئەوەی کەگرنگی وقورسـایی جیۆپۆلەتیکی شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر بێت دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم ناوچەیە بەکلیلی کردنەوەو بەهێزکردنی بەشێك لە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم وئێران لەقەڵەم دەدرێت بەتایبەت لەڕووی سیاسی وئابووری وبازرگانیەوە. شاری قەڵادزێ هاوشێوەی شارە سنووریەکانی تری هەرێم دوورنەبووە لەگۆڕەپانی ململانێ سیاسی و سەربازییەکانی نێوان جوڵانەوەکانی کوردو حکومەتی عێراق لەماوەی ساڵانی(١٩٦١ – ١٩٩١) بەتایبەت (١٩٨٠ – ١٩٨٨) شەڕی نێوان عێراق و ئێران[٢٩]، بێگومان ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان دوور ونزیك کاردانەوەی ستراتیجی خۆیان هەبووە لەشارەکەدا .

ئەم شارە پاڵپشت بەشـوێنە جوگرافیەکەی کە ناوچەیـەکی دوورە دەسـت و شاخاوی بووە، لەبەرئەوە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی نەیتوانیوە بەئاسانی کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیەبکات، هەر بۆیە هەمیشە پەناگەیەك بووە بۆ هێزی پێشمەرگەو شۆڕشی کوردی لە دوو لایەنەوە، لەلایەك زۆربەی بنکەو بارەگاو دامەزراوە سەربازیەکانی کورد زۆر نزیك بوون لە شاری قەڵادزێ، لەلایەکی

[٢٨] شاكر خصباك، االعراق الشمالي ، دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، المصدرالسابق، ص٣١٠ - ٣١١.

[٢٩] خليل اسماعيل محمد، منطقه التخصر الحدودية بين العراق و ايران دراسات فى اثر الموقع على التركيب القومي للسكان، مطبعة أوفسيت كريستال، اربيل، ١٩٩٧، ص٥٠.

**تریشەوە حکومەتی عێراقی بە پاڵپشتی ئابووری هێزی پێشمەرگەی دادەنا. هەر بۆیە هەمیشە ناوچەیەکی مەترسی دارو هێڵی سوور بوو لەلای حکوومەتی عێراق و ڕژێمی بەعسی ڕووخاو، لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کەلە ماوەی سالأنی حەفتاوهەشتاکانی سەدەی پێشوو لەناوچەکەدا ڕوویانداوە، وەك بۆردومان کردن وڕاگواستن ولەناوبردنی دیمۆگرافی وئابووری بۆتەهۆی ئەوەی کەلەهەندێك ماوەدا شوێنی ئەم شارە گرنگیەکەی لاواز بێت[30].**

**تادواجار حکومەت چەندین کارەسات و ڕووداوی سیاسی لەو ناوچەیەدا خولڤاند، وەك بۆردومانی تەواوی شاری قەڵادزێ بەهۆی فرۆکە جەنگیەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لەبەرواری ٢٤/ ٤ /١٩٧٤ کەبوو بەهۆی کوژرانی(١٣٠) کەس و برینداربوونی(٤٠٠)کەس، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی کردنی خەڵکێکی زۆر بەشۆرشی کوردەوە، بەتایبەتی کادیرو خوێندەواران و مامۆستایان کە ژمارەیان(٤٠٠٠)کەس بوو، هەروەها بوونی سەرکردایەتی شۆرشی کورد لەو ناوچەیە وەبڕیاردان لەگواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆقەڵادزێ لەهۆکارە سەرەکیەکانی ئەم بۆردومانە بوون[31] مەلا مستەفا بارزانی هەقی بوو بڵێت (( ئەمە دڕندانەترین ئەڵقەی زنجیرەی شەڕی قڕکردنی گەلی کوردە کە دەیانساڵە دژی دەکرێت))[32] تادواجار تەخت کردنی شارەکە لەگەڵ خاك دا لەساڵی ١٩٨٩ئەنجام درا.**

**لەتازەترین کاریگەریەکانی شوێنی جوگرافی ئەم شارە بە ڕووداوە سیاسیەکان و گرنگیە ستراتیجیەکەی بریتی بووە لە ڕاکێشانی حکومەتی هەرێم و ترکیا و ئێران بۆ سەر مێزی گفتوگۆکردن، ئەمەش بە هۆی بۆردومان کردنی سنووری چواردەوری شارەکە وزنجیرە شاخی قەندیل لەلایەن هەریەك لە وولاتی تورکیاو**

---

[30] عومەر هەمزە ساڵح، ڕاگواستن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژووی و ڕاگواستنی زۆرەملێ گوندنشینەکانی کوردستان (پشدەر وەك نمونەیەك)، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٣٤- ١٣٥.

[31] مۆفەق میراودەلی، ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی قەڵادزێ ٢٤/٤/١٩٧٤، چاپخانەی پیرەمێرد، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٦ -٥٦.

[32] گویتنەر دێشنەر، کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، و. لەئەڵمانیەوە بۆ عەرەبی، عبدالسلام بەراوی، و. لەعەرەبیەوە بۆ کوردی حەمە کەریم عارف، بێ شوێنی چاپ، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣١٦-٣١٨.

ئێران لەم چەند ساڵانەی دوایدا بەبیانووی جۆراوجۆر، بێگومان ئەو ڕووداوە سیاسیانەی کە لەم شارەدا بەهۆی کاریگەری هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شارەکەوە ڕوویانداوە، دوورو نزیك هاوشانی خەسڵەتە سروشتی و مرۆییەکانی ڕەنگدانەوەیان دروست کردووە لەگۆڕانی قەبارەی دانیشتوان و ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوان و پانتای ڕووبەرو ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شارەکە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر.

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین شاری قەڵادزێ شوێنێکی جوگرافی گرنگی لە هەرێمی کوردستان داگیر کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم شارە لەناوچەیەکی دەشتایی بەرفراوان و بەپیتی شاخاویدا، کەئەمەش لەڕوانگەی مرۆڤەوە بەناوچەیەکی گرنگی نیشتەجێ بوونی دانیشتوان دادەنرێت. ئاووهەواکەی لەجۆری ئاووهەوای نیمچەخولگەیی کیشوەریەو بارانەکەشی دەکەوێتە ژێر سیستەمی دەریای ناوەڕاست ،خاوەن باشترین جۆرە لەخاك وە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەکانی ئاو بەهۆی بوونی چەندین سەرچاوەی ئاوی جۆراو جۆر لە شارەکەدا. هەروەها بۆتە هۆی بەستنەوەی هەردوو ژینگەی شاخاوی ودەشتاییەکان بەیەکترەوە، ئەمە جگە لەوەی هەڵکەوتەی شارەکە لەناوچەیەکی سنوری دا یارمەتی داوە بۆ تێپەڕبوونی ڕێگای نێودەوڵەتی بەو شارەداو بەستنەوەی هەرێم بەووڵاتی ئێران سەرەڕای بەستنەوەی بەچەندین ناوچەو بەشە جیاجیاکانی تری ناوخۆی هەرێم، هەروەها پاڵپشت بە شوێنە جوگرافیەکەی و دەوڵەمەندی ناوچەکە بۆتە هۆی گەشەکردنی بازرگانی و ئابووری لە شارەکەدا، لەهەمان کاتدا بۆتە هۆی دەرکەوتنی گرنگیەکی ستراتیجی شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ هەر لەکۆنەوە تائێستا ،بێگومان شوێنی جوگرافی ئەم شارە بەهۆی هەموو ئەو خەسڵەت وتایبەتمەندیە جوگرافیانەی کەباسمان کردن ئاماژەن بۆ گرنگی شوێنی جوگرافی قەڵادزێ وەهۆکار بوون بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان و نیشتەجێبوون لە شارەکەدا.

## نەخشەی ژمارە (١)

## پێگەی جوگرافی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی هەرێمی کوردستانی عێراق




سەرچاوە/

١-خليل اسماعيل محمد، القضية الكردية في العراق وجود أم حدود، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل ، ٢٠٠٦، ص,١٧

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی Gis.

## نەخشەی ژمارە (٢)
## پێگەی جوگرافی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی قەزای پشدەرو پارێزگای سلێمانی




**سەرچاوە/**

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی. نەخشەی پارێزگای سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩.

## نەخشەی ژمارە (٣)

## پێگەی جوگرافی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی یەکە کارگێڕیەکانی دەوروبەری




**سەرچاوە/**

**١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی Gis.**

**٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، بنچینەی نەخشەی قەزای پشدەر، نەخشەی کارگێڕی و بەڕێوەبردن، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

## باسی دووەم

# ڕەهەندی دیمۆگرافی

وەك ئاشكرایە دوورایی وبایەخی تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەكانی هەر هەرێمێك یاخوود هەر ناوچەیەك و شارێك بەبێ تاووتوێ كردنی قەوارەی دانیشتوانی ئەو هەرێم و ناوچەیەو وەبەبێ ڕەچاوكردن ولێكدانەوەی ئەو فاكتەرانەی پەیوەندییان بە پەیدابوون و گەشەكردنی ئەو تایبەتمەندیانەوە هەیە دەرناكەوێت[٣٣]، چونكە ئاشكرایە تێكڕای ئەو گۆڕانكاریانەی كە بەسەر قەبارەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەكدا دێت كاریگەری زۆر بەسەر گەشەی دانیشتوانی شاردا دەهێنێت، لەشیكردنەوەو تاوتوێكردنی دانیشتوانی هەرناوچەیەكدا زیادبوونی دانیشتوان پێودانگێكی گرنگە و ئاماژەیە بۆ ڕاستی گۆڕانی قەوارەی دانیشتوان لە ماوەیەكی دیاریكراودا.[٣٤] وەك دەزانین دانیشتوان جەستەیەكی زیندوەو هەمیشە لە گۆڕان دایە، هەموو ڕۆژێك ژمارەیەكی دێتە سەر لەڕێگای لە دایك بوون وكۆچ و ژمارەیەكی لێ كەم دەبێتەوە بەهۆی مردن وكۆچ، كاتێك باس لە دانیشتوانی هەر ناوچەو شارێك دەكەین واتا باس لە ژمارەی هەموو ئەو كەسانە دەكەین كە لەماوەیەكی دیاریكراودا لەم شوێنەدا نیشتەجێن، وەئەو ژمارەیەش لەبارێكی جێگیردا نابێت، بەڵكو لە زیادبوون یان كەمبوون دادەبێت[٣٥]، ئەمەش

---

[٣٣] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، كاریگەری گەشەی شارستانی دانیشتوان لە سەر تایبەتمەندیە دیمۆگرافییەكانی شاری زاخۆ، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٣)ساڵی سیانزەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٧.

[٣٤] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٨.

[٣٥] هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی قەزای كۆیە(١٩٥٧ – ٢٠٠٢) دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، بەغداد، ٢٠٠٦، ل٣٨.

پەیوەندی دارە بە دوو بنەمای دیمۆگرافی ئەوانیش جوولەی سروشتی و جوولەی شوێنجێیە.

بێگومان داتاکانی لە دایك بوون و مردن و کۆچ هەڵەو کەموکورتیان تێدایە، چونکە لەووڵاتی ئێمەدا وەك تەواوی ووڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەگوێرەی پێویست بایەخ و گرنگی بەتۆماری ئامارە ژیارییەکان نەدراوە ئەوەی لەبەردەستیش دایە ووردو گشتگیر نین.[٣٦] هەر بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پلەی یەکەم پەنا دەبەینە بەر بەکارهێنانی ئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری، چونکە بۆ زانینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و قەبارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، سەرژمێری سەرتاسەری لەسەردەمی ئێستادا سەرچاوەی سەرەکیە بۆ زانینی زیادبوون و گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان دوو ئامارد[٣٧]، هەرچەندە ئەو سەرژمێریانەی ئەنجام دراون هەڵەو کەمو کورتیان تیدایە، چونکە زۆربەیان لەبارودۆخێکی ناجێگیرو نائارام ئەنجام دراون[٣٨]، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە بایەخ و گرنگیان نیە و ناتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ، چونکە تارادەیەك وێنەیەکمان دەداتێ لە بارەی شێوەو جۆری ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەماوەی نێوان ساڵانی سەرژمێری وئامارەکاندا لەقەبارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێدا ڕوویانداوە.

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین باس لەو گۆڕانکاریانە بکەین کەبەسەر قەبارەو ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێدا هاتووە، چونکە دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەماوەی ساڵانی نێوان ساڵانی سەرژمێری و ئامارەکاندا گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە(١)

[٣٦] فاتیمە قادر مستەفا، دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر نەخشەی بنەڕەتی شاری هەولێر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا٢٣-٢٤.

[٣٧] پێشرەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای شار، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، لا١٤٤.

[٣٨] خلیل اسماعیل محمد، کردستان العراق فی ضوء التعدادات السکانیة، مطبعة جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠١١، ص٩- ١٠.

بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی دانیشتوانی شار لەکۆی شارنشینی قەزاو قەزای پشدەر لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) بەزبوونەوەو نزمبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك لەساڵی(١٩٥٧) دانیشتوانی شار ڕێژەی نزیکەی لە(٨٨٪)ی شارنشینی قەزاو وەلە(١٤٪) قەزای پشدەری پێکهێناوە، بەلاّم ئەم ڕێژەیە لەساڵی(١٩٦٥) نزم دەبێتەوە بۆلە(٨٧٪) لەکۆی شارنشینی وە بۆ لە(١٣٪) لەقەزای پشدەر، دەکرێت بڵێین جیاوازیەکە کەمە و گۆرانکاریەکی وای بەسەردانەهاتووە.

ئەگەر ئاماژەیەك بەساڵی (١٩٧٧) بکەین دەبینین ڕێژەی شار لەکۆی شارنشینی قەزا نزم دەبێتەوە بۆ (٧٣٪) دەکرێت بڵێین شار زۆرترین ڕێژەی دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە لەتێکڕای ماوەکانی لێکۆڵینەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو گۆڕانە کارگێڕیە بووە کە لەنێوان هەریەك لە قەزای پشدەرو قەزای ڕانیە ڕوویداوە وەك دابڕینی ناحیەی مەرگە لە قەزای پشدەر و خستنە سەر قەزای ڕانیە وە لەبەرامبەردا ناحیەی ناودەشت لە قەزای ڕانیە دابراو خرایە سەر قەزای پشدەر[39]، ئەمە جگە لەوەی لەناوخۆی قەزای پشدەریش یەکەیەکی کارگێری تازە دروست بوو بەناوی ناحیەی هێرۆ کەپێشتر گوند بوو[40]، بەلاّم ڕێژەی شار لەکۆی قەزای پشدەر بەرزبۆتەوە بۆ زیاترلە (٢٧٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆکاریگەری بارودۆخی سیاسی وڕاگواستنی گوندنشینەکان وئەو ڕەوشە نائاساییەی کەبەسەر ناوچەکەدا هاتووە، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٧) ڕێژەی شار لەکۆی شارنشینی قەزاکە بەرز دەبێتەوە بۆزیاترلە (٧٦٪) بەلاّم لەبەرامبەر قەزای پشدەر دادەبەزێت بۆ نزیکەی لە(٢٠٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناحیەی هێرۆ پلەی کارگێڕی لێدەستێنرێتەوە دەبێتەوە بەگوند[41]، هەروەها ئاڵۆزی بارودۆخی

---

[39] پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧- ٢٠٠٢)، نامەی ماستەر کۆلێژی زانستە کۆمەلاّیەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩ ، لا١٣.

[40] عبدالله غفور، التشكيلات الادارية في جنوب كوردستان، (١٩٢١ – ٢٠٠٧ )، الطبعة الثانية، مطبعة خاني، أربيل، ٢٠٠٨، ص٧٤ - ٧٨.

[41] هەمان سەرچاوە، لا١١٣.

ناوچەکەو ڕاگواستنی بەشێك لەگوندنشینەکانی  ناحیەی هێرۆ و قەڵادزێ بۆ ناوشاری قەڵادزێ کە ژمارەیان ١٧٠خێزان بووە لە ناحیەی سەنتەر[٤٢].

سەبارەت بەساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی شار لەکۆی شارنشینی قەزاکە دادەبەزێت بۆنزیکەی لە (٧٥%) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی چەند یەکەیەکی کارگێڕی تازەی وەك ناحیەکانی (هەڵشۆ، هێرۆ، ژاراوە)[٤٣]، بەڵام ڕێژەکەی لەکۆی قەزای پشدەر بەرزدەبێتەوە بۆ (٤٦%) هەروەها لەساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی شار لەکۆی شارنشیی قەزا بریتیە لە (٧٦%) واتا ڕێژەکە گۆڕانکاریەکی وای بەسەردا نەهاتووە، بەڵام ڕێـژەی دانیشتوانی شار بەراوورد بەقەزای پشدەر بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی لە(٥٧%)، ئەم بەرزبوونەوە ڕێژەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ بەرامبەر بەقەزای پشدەر لەهەریەك لەساڵانی (٢٠٠٢) و (٢٠٠٩) دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی (٥٠٠٠) ئاوارەی ئەم شارە کە لەماوەی ساڵانی هەشتاکان بەهۆی خراپی باروودۆخی ناوچەکە بەرەو وولاتی ئێران ئاوارەبوون و لەوێ مانەوە و نیشتەجێ بوون[٤٤]، هەروەها گرنگی پێدانی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو شارە لەڕووی گشت خزمەتگوزاریەکانەوە لەهەمان کاتدا کردنەوەی چەند کۆلیژێکی سەر بەزانکۆی ڕاپەڕین ودامەزراندنی خەڵکێکی زۆر لە داموو دەزگاکانی حکومەت[٤٥].

سەبارەت بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ وهەریەك شارنشینی قەزاکە وقەزای پشدەر، بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە(٢) بۆدەردەکەوێت لەماوەی نێوان (١٩٥٧ —٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و شارنشینی قەزاکە تاڕادەیەك یەکسان بووە، بەجۆرێك تێکڕای ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵانە بەڕێژەی لە(٤،٤%) بووە، هەروەها ئەم ڕێژەیە لەسەر ئاستی شارنشینی

---

42 Shorsh، M.Resool، Destruction of Anation، printe in (U S A)، 1990، pp 123-124.

٤٣ عەبدوڵڵا غەفور، پێکهاتەی ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا(١٩٩١ -٢٠٠٨) ، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨، لا١٦٦- ١٧.

٤٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ناوەندی داکۆکی کردن لە زیان لێ کەوتووان و ئاوەدانی پشدەر، لیستی ناوی ئاوارە گەڕاوەکانی قەڵادزێ لە وولاتی ئێران.

٤٥ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای پشدەر ، بەشی کارگێری.

**قەزاکەش لەهەمان ماوەدا ساڵانە لە(٦،٤٪) بووە، بەڵام بەراوورد بەقەزای پشدەر جیاوازی هەیە، چونکە ڕێژەی گەشەکردن لەسەر ئاستی قەزاکە لەتێکڕای ماوەی لێکۆڵینەوەدا زیاتر لە (٢٪) بووە.**

**لەماوەی ساڵانی ( ١٩٥٧-١٩٦٥) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەشاری قەڵادزێ نزیکەی لە (٢٪) بووە، وە لەهەمان ماوەدا ئەم ڕێژەیە لە شارنشینی قەزاکەدا (٢٪) بووە بەڵام لەهەمان کاتدا ڕێژەی گەشەکردنەکە لەسەر ئاستی قەزاکە لە(٣٪)، ئەم جیاوازی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شار بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەی گەشەی قەزا بۆنائاسایی بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە بەتایبەتی دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٦١) دا ژمارەکان تا ڕادەیەکی زۆر بە خەمڵاندن دانراون[٤٦].**

**لەماوەی ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٧)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەهەریەك لەشاری قەڵادزێ و شارنشینی قەزاکەدا بەڕێژەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت بەبەراوورد بەکۆی گشتی دانیشتوانی قەزا، بەشێوەیەك ڕێژەی گەشەکردن لەشاری قەڵادزێ زیاترلە (٧٪)بووە ولەشارنشینی قەزاکەدا لە(٩٪)بووە کەبەرزترین ڕێژەی گەشەکردنە لەماوەی لێکۆڵینەوە، بەڵام گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەکۆی گشتی قەزا (١٪) بووە کەکەمترین ڕێژەی گەشەکردنە لەتەواوی ماوەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش بۆبەردەوام بوونی لەشکرکێشیەکانی سوپای عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٤ – ١٩٧٧)، بێگومان قەزای پشدەریش لەم بارودۆخەدا بەهۆی کاریگەری شوێنی جوگرافیەکەی کە ناوچەیەکی سنووری بووە هەمیشە لای حکوومەتی عێراقی بەپەناگە و پاڵپشتی شۆڕشەکانی کورد ناسراوە، ئەمەش بوو بەهۆی کۆچ پێکردن و ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکانی هەریەك لە ناحیەی هێرۆ و ناودەشت بۆ ناو شاری قەڵادزێ و سەنتەر شارنشینەکانی قەزاکە[٤٧].**

[٤٦] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرژمێری دانیشتوان لەعێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٤)، ساڵی چوارەم هەولێر، ١٩٩٦، ل٤٩.

[٤٧] مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراقدا لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩، ل١٣١-١٣٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

**شێـوەی ژمارە (١)**

**ڕێـژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ وشارنشینی وقەزای پشدەر (١٩٥٧ – ٢٠٠٩) ٪**




سەرچاوە / ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە(٢)

لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەهەریەك لەشاری قەڵادزێ و شارنشینی قەزاكە بەرەو كەمبوونەوە دەڕوات بۆكەمترلە (١٪) كەبەكەمترین ڕێژەی گەشەكردن دادەنرێت لەتەواوی ماوەی لێكۆڵینەوەكەدا. لەكاتێكدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەكۆی گشتی دانیشتوانی قەزاكەدا نزیكەی (٤٪) بووە كەبەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزای پشدەر بووە لەماوەی لێكۆڵینەوەدا ، بێگومان نزمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەریەك لە شارو شارنشینی قەزاكە بەو ئەندازە زۆرە ڕێك هاوكاتە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارەی كە ناوچەی لێكۆڵینەوەو هەموو شارو شارۆچكەكان و تەواوی قەزاكەی پێیدا تێپەڕیوە، بەشێوەیەك كە تووشی پڕ مەترسی دارترین ڕووداوی

---

Shorsh، M.Resool Destruction of Anation، op، cit، pp، 120-124.

ڕاگواستنی بەزۆرەملێ بووە، لەچەند قۆناغێکی جیاوازدا وە ڕەخساندنی بارودۆخێك بۆ چۆڵ کردنی ناوچەکە لەدانیشتوان، هەروەها هەوڵەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی شارەکە تادواجار بە سەرپەرشتی (علی حسن المجيد) لە ساڵی (١٩٨٩) دا تەواوی شاری قەڵادزێ و قەزای پشدەر لەگەڵ خاك یەکسان دەکرێت و ڕادەگوازرێت بۆ هەریەك لە ئۆردوگاکانی (بازیان یەك ، بازیان دوو، باینجانە) لە سنووری پارێزگای سلێمانی و (جەدیدەو تۆپزاوەو دارەتوو کەورە کۆسك) لەسنووری پارێزگای هەولێر[٤٨]. ئەمە جگە لەنادروستی ئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری لە ساڵی (١٩٨٧)وەك دەزانرێ ئەم سەرژمێرییە لە ڕێوشوێنێکی نائارامدا ئەنجام دراوە بەهۆی شەڕی نێوان عێراق وئێران کە ژمارەیەکی زۆری ناوچە سەر سنوریەکان هەر سەرژمێری نەکران ئەوەشی سەرژمێری کرا هەڵەو کەموکورتی زۆری تێدایە و بەهۆی ئامادەنەبوونی خەڵك وخۆدزینەوە یان لەسەرژمێری لەبەرئەوە شاری قەڵادزێ، وەك ناوچەیەکی سنووری نمونەیەك بوو لەو شارانە ئەمەش هۆکارێك بۆ ئەوەی کە ئەم سەرژمێریە لەدەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی دابەشبوونی جوگرافی ودیمۆگرافی و گەشەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی لاوازبێت و هەڵەو کەم و کورتی زۆری تێدابێت[٤٩].

سەبارەت بەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧- ٢٠٠٢) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە شاری قەڵادزێ بەرز بۆوە گەیشتە زیاترلە(٧٪)،هەروەها ڕێژەی گەشەکردن لەسەنتەرە شارنشینیەکانی قەزاکەدا بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (٨٪) بێگومان بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان وشاری قەڵادزێ وتەواوی شارو شارۆچکەکانی قەزای پشدەر، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)، بوو بەهۆی گەڕانەوەی بەلێشاوی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و شارەکانی تری قەزاکە لە ساڵی (١٩٩٢) لە ئۆردوگا زۆرە ملێکانی پارێزگای سلێمانی وهەولێر بەرەو زێدی خۆیان، هەروەها گرنگی دانێکی زۆر و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی

[٤٨] عومەر هەمزە ساڵح، ڕاگواستن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی ومێژوویی و ڕاگواستنی گوندنشینەکانی کوردستانە(پشدەر وەك نموونەیەك)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥- ١٩٩.
[٤٩] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرژمێری دانیشتوان لە عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

کوردستان  بۆ دووباره هەستانەوەی شارەکە، چونکە سەنتەری کارگێڕی قەزای پشدەر بوو کە بە شادەماری گەشەکردنی قەزاکە ناودەبرا، بەڵام گەشەی ساڵانەی قەزای پشدەر دادەبەزێ بۆ نزیکەی(٢٪)ئەمەش بەهۆی نەگەڕانەوەی بەشێك لەگوندنشینەکانی قەزاکە بۆ گوندەکانیان و گیرسانەوەیان لە شاری قەڵادزێ و سەنتەرە شارنشینەکانی قەزای پشدەر لەکاتی گەڕانەوەیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان، چونکە گوندەکان وێرانکرابوون و هیچ سەرچاوەیەکی ژیان و گوزەرانیان تێدا نەمابوو.[٥٠]

لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢- ٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە هەریەك لە شار و شارنشینی قەزادا، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی شار نزم دەبێتەوە بۆ نزیکەی لە (٥٪) وەڕێژەی شارنشینیش نزم بۆتەوە بۆزیاتر لە(٤٪)، بەڵام ڕێژەی ئەم گەشەکردنە لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە گۆڕانکاریەکی وای بەسەر دا نەهاتووە کەکەمتر لە(١٪) بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٢)ی پێشوو. لەبەشی داهاتوودا کەتایبەتە بەگەشەی دانیشتوانی شارەکە بەدرێژی وبەگوێرەی قۆناغەکانی گەشەکردن شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی ئەم گەشەکردنە دەکەین.

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین شاری قەڵادزێ لەماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوەدا گۆڕانکاریەکی بەرچاو بەسەر قەبارەو ڕێژەی گەشەی دانیشتوانەکەی دا هاتووە، ئەم گۆڕانکاریانەش لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی ترجیاواز بوون، بەجۆرێك بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەیان بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو ئەو گۆڕانکاریە کارگێڕیانەی لەقەزای پشدەردا ڕوویداوە، بێگومان ئاوێتە بوونی ئەو هۆکارانەش بەیەکەوە کاریگەرییان لەسەر ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە دروست کردووە، جیاوازی ئەم گەشەکردنەش بەپێی قۆناغەکان ڕەنگ دانەوەو کاریگەری ئاشکرای لەسەر پانتایی ڕووپێو و ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شارەکە دروستکردوە کە لەبەشەکانی داهاتوودا تیشکی دەخەینە سەر.

---

[٥٠] حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای پشدەر، بەشی کارگێڕی.

## خشتەی ژمارە (١)

## دانیشتوانی شاری قەڵادزێ لە کۆی شارنشینی و قەزای پشدەر

( ١٩٥٧ – ٢٠٠٩ ) ٪

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی شاری قەڵادزێ | ژ. دانیشتوانی شارنشینی قەزای پشدەر | ژ. دانیشتوانی قەزای پشدەر | ڕێژەی شار لە کۆی شارنشینی قەزا ٪ | ڕێژەی شارلە کۆی گشتی قەزا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٤٩٠٥ | ٥٥٩٦ | ٣٤٥٤٥ | ٨٨ | ١٤ |
| ١٩٦٥ | ٥٧٠٢ | ٦٥٧٦ | ٤٣٠٦٣ | ٨٧ | ١٣ |
| ١٩٧٧ | ١٣٦٨٥ | ١٨٧٤٧ | ٤٩٨٦٧ | ٧٣ | ٢٧ |
| ١٩٨٧ | ١٤٤٨٧ | ١٨٩٣٤ | ٧٣٦٠٢ | ٧٦ | ٢٠ |
| ٢٠٠٢ | ٤٤٥٠٤ | ٥٩٤٢٢ | ٩٦٥٨٩ | ٧٥ | ٤٦ |
| ٢٠٠٩ | ٦١٠٣٨ | ٨٠١٧٦ | ١٠٧٥٩٦ | ٧٦ | ٥٧ |

سەرچاوە:

١- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام (١٩٥٧) لوائى السليمانية و كركوك، مطبعة العانى، بغداد، بدون سنة الطبع، جدول رقم (٨) ص٢٦، جدول رقم (٤) ص٩.

٢- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة (١٩٦٥) مطبعة الجهاز المركزى للأحصاء، بغداد، ١٩٧٣ جدول رقم (١)، ص٨.

٣- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، مطبعة الجهاز المركزى للآحصاء، بغداد، ١٩٧٨، محافظة السليمانية ، جدول رقم (٣)، ص٦ .

٤- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان المحافظة السليمانيه، لسنة ١٩٨٧، بغداد ، ١٩٨٨ جدول رقم (١ح)، ص٣، جدول أر ، ص٤-٦.

٥- اقليم كردستان العراق، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية و البنية الخدمية الأرتكازية لاقليم كردستان العراق، السليمانيه، لسنة ٢٠٠٢، ص١٠.

٦-حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان ،دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (الحصر و الترقيم) ،سەرژمێری دانیشتوان نشینگەکان، ساڵی ٢٠٠٩، ص١٠٣- ١٠٤.

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

**ڕێـژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و شارنشینی و قەزای پشدەر ( ١٩٥٧ – ٢٠٠٩ ) ٪**

| ماوە | شاری قەڵادزێ | شارنشینی قەزا | قەزای پشدەر |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ١,٨ | ٢ | ٢,٧ |
| ١٩٦٥- ١٩٧٧ | ٧,٥ | ٩,١ | ١,٢ |
| ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ٠,٥ | ٠,٠٩ | ٣,٩ |
| ١٩٨٧- ٢٠٠٢ | ٧,٧ | ٧,٩ | ١,٨ |
| ٢٠٠٢- ٢٠٠٩ | ٤,٦ | ٤,٣ | ١,٥ |
| ١٩٥٧ –٢٠٠٩ | ٤,٤ | ٤,٦ | ٢,٢ |

**سەرچاوە/** بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١) و هاوکێشەی خوارەوە:

$$r = T\left(\sqrt{\frac{P1}{PO}} -1\right) \times 100$$

r = ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

T = ژمارەی ساڵەکانی نێوان دوو سەرژمێری.

P1 = ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری دا.

P0 = ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم دا.

- John I .clark، population Geography، 2 ndEdition، pergaman press.Oxford، 1972، p146.